**کوردستانێکی ئازاد** **گەلێکی یەکسان**

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست و ناچارانە لەسەر هەڵوێستی ( پ.د.ك)، پارتی بەرانبەر بە ( پاسۆك )

## بەچکە عێراقچی و ستالینیستەکان بۆ دوژمنایەتیی کوردایەتی دەکەن...؟

**ئەی جەماوەری تێکۆشەر و کۆڵنەدەری کورد** ..... **کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنە کو ردستانییەکان** .....

**لە کاتێکدا** ... سەرلەبەری مرۆڤایەتی بەگەرمی باس لە چەمکە رازاوە و پڕ بەهاکانی دیموکراسی ، ئازادیی بیروباوەڕ و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای شارستانی دەکەن .لە کاتێکدا سەردەمی تاکڕەوی و تاك دەسەڵاتی و پارتی پێشڕەو و سیستەمی تۆتالیتاری و خۆگیفکردنەوەی دەسەڵات و پاوانخوازی خەریکە پاشماوەیان لەسەر هیچ بستێکی ئەم گۆی زەوییەدا نامێنێ , لە کاتێکدا ووتاری کوردی پێ لەسەر تەبایی و یەکێتیی ریزەکان و خستنەگەڕی هەموو توانا بە فەڕەکان بۆ سەرخستنی کێشەی رەوای کورد دادەگرێ . لە کاتێکدا هەردوو زلهێزە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان , هەموو لایەن و تاکێك دەکەنە بەرپرسیار بەرانبەر بە چارەنووسی کورد ! (لە راستیشدا هەر وایە ) . لە کاتێکدا ئەو هەموو گۆڕانە ئەرێتییانە رووی لە کوردستان کردووە ، تازە بە تازە کۆمەڵێ ئەقڵی داڕزاو و نەخۆشی کوردی ، ئەقڵی کوردکوژ و عێراقچی و داگیرکەرچی ، ئەقڵی بێ ئەزموون و پەند وەرنەگر لە رابووردوو ، ئەقڵی بێ ئیرادە و دەرەوەی مێژووی نەتەوە، ئەقڵی ماسوولکە و رەشەخەڵك ، ئەقڵی نا کوردی و کوردستانی ، سەنگەر لە کوردایەتی دەگرن و دەیانەوێ بە تۆپزی خۆ بسەپێنن و هەرچی بۆ گەزوپێوانەی خۆیان نەگونجا کەناری بخەن و بڕیاری چارەنووسی ئەم و ئەو بدەن و گۆڕەپانەکە بۆ تالآنی و رمبازێنی خۆیان تەخت بکەن .

لێرەدا ناچارین ئاوڕێ لەو راستییە بدەینەوە کە کۆمیتەی هاوکاریی لایەنە کوردستانییەکان لە بەرلین سالآنێکی زۆرە هەیە و لە هەلومەرجی زۆر نالەباریشدا کار و پەیوەندییە حیزبییەکانی دۆستانە راگرتووە. کەچی ماوەیەکە ( پارتی ) مافی ڤیتۆ لە دژی ( پاسۆك ) بەکاردێنن و فشاریش بۆ سەر لایەنەکانی تر دێنێ بۆ بایکۆت و دوورخستنەوەی پاسۆك لە مەیداندا و بیانووشیان ئەوەیە کە" <u>گوایە لەبەرئەوەی پاسۆك لە کوردستان نین و جەماوەریان کەمە ئامادەنین کاریان لەگەڵدا بکەین</u> " . ئەم راگەیاندنە بێ بنچینە و هەرزانەیە لە کاتێکدایە کەوا ــ چەندین ساڵە پێکەوە کار دەکەین و ئەرشیفی پاسۆك بە دەیان داوەتنامەی پارتیی تێدایە کە بۆ بەشداری و بۆنە و

چالاکییەکانی پارتی وەك پاسۆك بەشداریمان تێدا کردووە ــ. سیاسەتی بانێکە و دوو هەوا و گیانی پاوانخوازی و دیکتاتۆری و پۆستدیموکراتیی کوردستانەکەی ئەوانە . دوای هەوڵێکی زۆری ئەندامانی ( پارتی کۆمۆنیستی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ) و لایەنەکانی دیکە بۆ رازیکردنی پارتی و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە گیان و بەرپرسیاریی دۆستانە و کوردانەوە , پاش دانبەخۆداگرتنی ئێمەش وەك قوربانییەك لە پێناوی کێشە گەورەکەی نەتەوەکەماندا ، پارتی هەر سوور بوو لەسەر هەڵوێستە بیٚ بنچینە و ناکوردانەکەی خۆی . ئێمە دڵنیاین کە ئەوە بیروڕاو و هەڵوێستی کوردپەروەران و وڵاتپارێزانی ناو پارتی نییە و باش دەزانین کە ئەم باڵە دڵسۆزە، کە باجی قورسی ژیان و خەباتیان داوە و ئەشهەدوبیلا بۆ هەموو کارێك ناکەن ئەمڕۆ کەنار خراون.

**ئەو ئەقڵییەتە ...** دەبیٚ جاریٚ ناومالّی خۆی ( ناو پەرلەمان و وەزارەت و زانستگە و قوتابخانەکان و فەرمانگە و شوێنە حیزبییەکانیان ) لە کۆنە بەعسی و جاشەکان , موستەشار و کوردکوژ و ئەنفالچی , نۆکەرانی داگیرکەرانی کوردستان و ستالینستی و عێراقچییە داگیرکەرچییەکان و بیروباوەڕ ژەهراوی و بۆگەنکردووەکان پاك بکاتەوە و رێگە لە رۆڵە دڵسۆز و کوردپەروەر و کوردستانییەکانی خۆی نەگریٚ و کەنارگیریان نەکات . ئەمە پێویستە دروشمی پارتی و هەموو لایەنەکانی دیکە بێت ، نەك شمشێر لە هەسان دان بۆ ملی هاو خەبات و هاو سەنگەرەکانی رۆژانی سەختی کوردایەتی ! .

**بۆ ...** وەڵامی ئەم هەڵوێست و مامەڵە و بیرکردنەوەیە ، کە بەرهەمی ئەو ئەقڵییەتە ئاماژە پێدراوەی سەرێیە، زۆر بە ناچاری و کورتی ـ لەبەر ئەوەی رۆژی ئەوە نییە و ملیۆنەها کاری دیکە چاوەڕوانمانە ــ دێینە وەڵام .

هەڵبژاردنی ئەم شوێن و شێوازەی خەبات لە قۆناغی ئێستادا ( ئیدی هەلومەرجەکەش بە رووخانی سەدام و بەعس گۆڕاو و ئێمەش بۆ هەنووکە سەرگەرمی گەڵاڵەکردنی بەرنامەیەکی کارکردنین ) .. دەرئەنجامی لێکدانەوەیەکی قووڵ و پابەندبوون بە پیرۆزی کوردایەتیەوە بوو . ئێمە نەمانویستووە و نامانەویٚ هەرگیز بەشێك ، لایەنێك یا هۆکارێك بین لەو گەمە و گەڕەلاوژێی سیاسییەی بە خوێنی رۆڵەکانی کورد و لەسەر حسابی چارەنووسی کورد و کوردستان ئەنجامدراوە . هەموو دیاردە دزێو و نەفرەت لێکراوەکانی دوێنێی شەڕی کوردکوژی و ئەمڕۆی دابەشبوونی کوردستان و پەرتەوازی مالّی کوردمان لە یاد و لە بەرچاوە . هەمان کات هەرگیز ئامادەنەبووین پاشکۆی دەسەلات و زوڕناژەنی هیچ دەولّەت و دامودەزگا و لایەك بین . پاراستنی رووسووری و راستی و رەوایەتیی باوەڕ و حیزبەکەمان لە سەرووی هەموو ئیعتیبار و دەستکەوتێکی کاتییەوە داناوە . دەنا هەموو دەزانین ئەمڕۆ ئاسانترین و چاکترین بازرگانی , حیزبایەتییە لە کوردستاندا . ئێمەش هیچمان پیٚ نەکرایە و نەکریٚ ... وا دەرگای مالّی (موخابەراتی عێراقی ــ ئەم هێلانەیەیان خۆشبەختانە تێکچوو ـ و سووری و میتی تورکی و ئیتلاعات و قەرارگای رەمەزانی ئێرانی ـ ئەمانەش وا خەریکە بەر باهۆزەکە دەکەون !) هەمیشە لەسەر گازەرای پشتە !!.

چی دەبوو ئێمەش دەمانتوانی ئەو داگیرکەر بە دۆست دابنێین و ئەویان بە برا گەورە و چاو لەو بەشەی کوردستان بپۆشین و پێشمەرگە و کادر و سەرکردەکانیان تێرۆر بکەین و بەرانبەر بە بیروباوەڕ و هەڵوێستی داگیرکەران هەمیشە گەشبین و خۆشحالّبین و لە بەیانی جەژنی نەورۆزیشدا زۆربەی رستەکانمان بەشانوباڵیاندا هەڵدەین و لە

دیدی داگیرکەرانەوە تەماشای کورد و کوردستان و هەموو جیهان بکەین !!. ئیدی مەگەر نانخواردن و ئاوخواردنەوە لەم ئەرکە شۆرشگێڕی و نەتەوەییانە !! ساناتر بێت . دەبێت لێرەشدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ، چەندین جار پێشنیار لە لایەن ئەم حیزب و ئەو لایەنی دۆستەوە خراوەتە بەر دەممان و ئامادەیی هەر شتێ بوون بۆمان بکەن . ئێمە لە کاتێکدا خۆ بە منەتباری هەموو ئەو لایەنە دۆست و هاوپەیمانانە دەزانین و سوپاسگوزاری هەڵوێستی ولآتپارێزییان دەکەین ، سەرلەنوێ دووپاتی هەڵوێستی چەسپاوی خۆمانمان بۆکردوونەتەوە . ئێمە وەك حیزب لەم هەموو دەرفەتانە بۆ سوودی حیزبی رووت لە پێناوی کوردایەتیدا سوودمان وەرنەگرتوو و ئەو جۆرە سوود و بازرگانییە بە پوولێکی قەڵب ناکرین . هەرگیزیش لە بڕیار و هەڵوێستی خۆشمان پەشێمان نین . باوەڕمان وابوو هەبوونی ئێمە لەوێ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و زۆرینەی رەوتی سیاسی لە کوردستان لە دەرەوەی ئیرادەی کوردییەوە پرۆگرام کراوە . ئیرادەی زیندووی ئێمەش ئامادەی لارەملی و ملکەچی کاری نا کوردانە نییە و نابێت .

ئێمەی هاوبیرانی ( پاسۆك ) بە رەوشتی بەرزی کوردایەتی و رابردووی پاك و دڵسۆزانەوە , بە کاراکتەری کوردانەی خۆمانەوە هەتا ئەوپەڕی هێز و توانامان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەمان تێکۆشاوین و نوێنەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی بووین و راستیمان لە نەتەوەکەمان نەشاردۆتەوە و هەمیشە رێی راستمان نیشان داوە و ئامادەی هیچ سازش و سەرەڕۆییەك نەبووین بە مەسەلەکەمانەوە و بە نان و ئاو و جلوبەرگی خۆمانەوە سەنگەری ئابڕوومەندانەی کوردایەتیمان هەڵبژاردووە و وەك ئەرك و فەرمانی نەتەوەییانە و نیشتمانییانەی خۆمان تا دوا هەناسەشمان هەر بەردەوام دەبین . داخۆ ئیدی دەبێت تاوانی ئێمە چی بێت جەماوەرمان کەمە ! گوناهی ئێمە دەبێ چی بێت کە جەماوەر هێندە سەرکوێرکراوە , بەرژەوەندییەکانی خۆی لێ شێواوە و دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانە هەر دوای هەڵدێر دەکەوێتەوە و تێشکان دەکاتە قەدەری خۆی . دیسان ژمارەی زۆر و بۆر و لەشکری رەش و چەکداری لارەمل پێوانەیەکی تەندروست نییە بۆ چاکی و سەرکەوتوویی لایەنێك ... چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە ..... مەگەر هیتلەر و ستالین و سەدام خاوەنی گەورەترین حیزب و زۆرترین ژمارەی چەکدار و ئەندام نەبوون ؟ ئەی سەرەنجامیان چی بوو!؟

**پاسۆك** ... پێویستی بە OK هیچ کەس و لایەنێك نییە و لە کەسیشی ناسەلمێنین و تەنها لە خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد و خوێنی شەهیدە سەروەرەکانی نەبێت , منەتباری هیچ شتێکی دیکە نین و نابین . لەهیچ هێز و لایەك ناسەلمێنین رێوشوێنی کارمان بۆ دیاری بکات و بۆ خاتری کەس و دژی هیچ لایەکیش ئامادەی هیچ کار و کردەوەیەك نەبووین و ناشبین . پاسۆك ئەو حیزبە کارتۆنییە نییە هەروا سانا بە هێڵێکی راست و چەپ بکوژێنرێتەوە و لەناوببرێت , ئەم خەونە بۆ داگیرکەرانی کوردستانیش نایەتە دی ، تا ئەوەی بۆی نەنێرن بە بێ شێو سەر بنێتەوە . لەو چرکەساتەوەی رسکاوین رووبەرووی دەیان پلانی لەناوبردن و نمەکحەرامی و گەمارۆدان و خوێن حەڵاڵکردن بووینەتەوە , بەڵام هەر سەرکەش و دەنگ دلێرانە خۆمان راگرتووە و هەر بەردەوامیش دەبین . بۆیە بە توندی دژی ئەو رەفتارە دەوەستینەوە و مەحکومی دەکەین . هەمان کات سووربوون و شێلگیری زیاتری خۆمان لەسەر ئەم رێبازە رادەگەیەنین .

***ئەوجا دەپرسین ئایا بوونی پاسۆك زیان بە کوردایەتی دەگەیەنێ !؟ هەر کەس و لایەك ئەوەمان پێ بسەلمێنێ . ئەوسا ئێمەش بە جدی و جۆرێکی دیکە بیر لە مەسەلەکە دەکەینەوە .....***

**کوردایەتی** ... لای ئێمە فەلسەفە و بیروباوەڕ و و ڕێبازی ژیان و ڕەوشتی بەرزی مرۆڤایەتییە ، هەتا دوا هەناسەی ژیان و دوا ترپەی دڵ ڕێبازی بوون و ژیان و ئاڵای شەکاوە و مەشخەڵی پرشنگدارو چەکی دەستمان دەبێت . لەو شوێنانەی غەدر لە کوردایەتی دەکرێ و لەو شەڕانەی ناچارانە یەخەمان دەگرێ بێ پڕنگانەوە و زۆر بێباکانە چەند لە دەستمان بێت دەیخەینە کار .

**پاسۆك ...** دوای 28 ساڵ دۆستایەتی و هاوپەیمانی رۆژانی تەنگانە و خەباتی دژوار لەگەڵ پارتیدا, مێژووی رسکانی حیزبمان وەك هێمایەك بۆ پیرۆزیی شۆڕشی مەزنی 11 ی ئەیلوول .... 11 ی ئەیلوولی 1975 و کەرکووکی دڵی کوردستانیشمان کردە مێژوو و بێشکە و لانکی خۆمان . لە هەموویش گرنگتر بەهۆی بارودۆخی ناسك و پڕ لە پرسیاری ئەمڕۆی کوردستانەوە ، ئێمە خۆشحاڵ نیین بەم دیاردەیە ، بەڵام کە گۆشتمان خوراو و ئێسکمان شکێندراو و کرتە کرت کەوتنە داکرۆژینمان ، گەر هەر بێدەنگ بین وەك تاوانکار تاوانبار دەبین. راستە ئێمە بە ژمارە کەمین ، بەڵام هەتاکوو ئەو رۆژەی لایەنێکی چاکتر و دڵسۆزتر و پاکتر لە ئێمە دێتە مەیدانەوە ، ئێمە خۆمان بە نوێنەری فێرگەیەکی فەلسەفی و ڕێبازی سیاسی ( کوردایەتی ) تایبەتمەند بە کورد و کودستان دەزانین.

**پاسۆك** ... بە شیر و فەلسەفەی (( پێش ئەوەی هەر شتێ بین , دەبێ کورد بین )) بۆ ئامانجی ڕەوا و بالای { کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان } خۆی گۆش کردووە. ئیدی چۆن باوەڕی بەوە دەبێ درز بخاتە نێو ریزەکانی نەتەوەکەیەوە ، چونکە یەکێ لە بنەماکانی بیر و کرداری کوردانەی پێداگرتن و سووربوونە لەسەر یەکێتی ریزەکانی کورد و کوردایەتی .

**ئێمە...** بایی خزمەتی کوردایەتی و داکۆکیکردن لە رەهەندە خزمەتگوزارەکانی , بەم هەڵوێستە لە ئاست نارەوایی بەو باوەڕە بەرزە , لێرەدا جارێ هەر هێندە بە دەنگ دێین ... گەر ئەو کونانەی ئەم بایەیان لێوە دێت کونبڕ نەکرێن ، وا سەرلەنوێ ناچار دەبینەوە سەروبۆری زیاتر بۆ ووشەکان دابنێین و ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە و ئەوەی پێویست بکات بەیانی بکەین .

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی , بە زمانێکی هاوبیرانە و کوردانە دەمانەوێت داوا لە هەموو هێز و پارت و لایەنەکان و هەروەها دڵسۆزانی ناو پارتیش بکەین کە بە گیانێکی کوردانە و دۆستانە , بایەخ بەم مەسەلەیە بدەن و دەستی تەسلیمبوون و رەزامەندی بڵند نەکەنەوە و هەڵوێست وەربگرن . ئەمە سەرەتا و ئاماژەیەکی نەگریسە و رۆژانی پاکسازیی گۆڕەپانی کوردستان لە حیزبە بچووکەکانی پێش شەڕی کوردکوژی 1994 مان بیردەخاتەوە.

له کۆتاییدا به ناوی ( پاسۆك ) و هەموو هاوبیرانی کوردایەتییەوە بۆ هەموو دۆستان و دوژمنانی دووباره دەکەینەوه کە هەر وەکوو ڕابردوو بەردەوام دەبین , کوردایەتی و کوردستانی بوون , فەلسەفە و بیروباوەڕ و درووشم و ئامانجی بوون و ژیانمان دەبێت.

**سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدانی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.**

**تێشکان و نەمان بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و هەموو نۆکەرەکانیان.**

**شەرمەزاری و ریسوابوونی زۆرتر بۆ عێراقچێتی و عێراقچییەکان , بۆ داگیرکەرچێتی و داگیرکەرچییەکان.**

**بەردەوام و سەرکەوتوو بێ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردیدا.**

**هەر شەکاوە بێ ئاڵای سووری کوردایەتی.**

**پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )**
11.06.2003

**http://www.PASOK.org**